**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٨٤٩٥ لە ٢٠٢٥/٦/١٢**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**فراوانکردنی گوندی (باژێرە ژێری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو، تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان، و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٦٦٠ لە ٢٠٢٥/٥/٦)، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی گوندی (**باژێرە ژێری**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە قائیمقامیەتی قەزای ئاکرێ/لەسنووری پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٥٠،٢٤،٣١ دۆنم) لەسەر هەردوو پارچە زەوی ژمارە (٢و٦) لە کەرتی (٩٠/ باژێرە ژێری) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیـری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٢٧٨٢/٢٠ لە ٢٠٢٥/٦/٢٩**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩/دووەم) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

١- کردنەوەی (جێگرایەتی داواکاری گشتی ماوەت) لە قەزای ماوەت لە پارێزگای سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیری داد**